# له خودا بترسن سەبارەت بەم ئاژەڵە بەستە زمانانە، سواریان ببن (کاتێک گونجاون بۆ سوار بوون)، و(گۆشتەکەیان) بخۆن (کاتێک (گونجاون بۆ خواردن

له سەهلی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕ بوو بە لای وشترێکدا گەدەی لکا بوو بە پشتیەوە (لە برسێتیدا)، فەرمووی: «لە خودا بترسن (تەقوای خودا بکەن) سەبارەت بەم ئاژەڵە بەستە زمانانە، سواریان ببن (کاتێک گونجاون بۆ سوار بوون)، و(گۆشتەکەیان) بخۆن (کاتێک (گونجاون بۆ خواردن».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشترێکی بینی گەدەی -ناو سکی- لکا بوو بە پشتیەوە (بەهۆی زۆری برسێتیەوە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە نەرم ونیان بوون بەرامبەر ئاژەڵەکان، وپێویستە مرۆڤ بە جوانی وچاکەکاری مامەڵەیان لەگەڵدا بکات وئەرکێک نەخاتە سەریان کە لە توانایاندا نەبێت، وکەمتەرخەمی نەکات لە پێدانی ئاو وخواردن بۆیان، وپێویستە سواریان بێت و بەکاریان بهێنێت بۆ هەڵگرتنی شتومەک؛ کاتێک گونجاون بۆ سوار بوون وتوانای هەڵگرتنی شتومەکیان هەیە، وکاتێک گۆشتەکەیان بخوات کە گونجاون بۆ خواردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5935